گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شا عەباسی یەکەم و هەنگاوەکانی لەناوبردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای هەرێمەکان ( 1588 – 1598ز)

**پ.د. خەلیل عەلی موراد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
khalil.murad@su.edu.krd

**م. مستەفا محەمەد کەریم**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
mustafa.karem@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٨/٨
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٩/٢٧
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Safavid, Shah Abbas I, Provinces, Governors, Fars, Gilan, Lorestan

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.5

## پوختە

شا عەباسی یەکەم لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتیدا هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ ئەوەی خۆی لە دەسەڵات و هەژموونی سەرانی قزڵباش رزگار بکات لەدوای مردنی شا تەهماسبی یەکەم هەژموونی خۆیان بەسەر کاروباری سیاسی و کارگێری دەوڵەتی سەفەویدا سەپاند بوو بەهۆی ئەو پەشێوییە و نائارامییەی کە باڵی کێشا بوو بەسەر وڵاتدا لەپێناو دەستەبەر کردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا. لەم رووەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات شەن و کەوی چەند لایەنێکی گرنگی سیاسەتی ناوخۆیی دەوڵەتی سەفەوی بکات لەسەرەتاکانی فەرمانڕەوایەتی شا عەباسی یەکەم تایبەت بە لەناوبردنی دەسەڵاتی رەهای فەرمانڕەوای هەرێمەکانی( فارس، گەیلان، لورستان) لەگەڵ دەرخستنی گرنگترین هۆکارەکانی پشت ئەو هەنگاوانەی شا عەباسی یەکەم و کاردانەوەی فەرمانڕەوای هەرێمەکان لەبەرامبەر سیاسەتی سەربازی شا عەباسی یەکەم.

## پێشەکی:

شا عەباسی یەکەم لەکاتی هاتنە سەر دەسەڵات لەساڵی 1587، تووشی barودۆخێکی نالەبارو ناهەموار بۆوە، چونکە لەبەرەی رۆژئاوا و باکوری رۆژئاوا زۆربەی ناوچەو مەڵبەندەکان بەدرێژایی

سـنووری دەوڵـەتی عوسـمانی لەلایەن سـوپای عوسـمانیەوە کۆنترۆڵ کرابوو، هەرچی بەرەی ڕۆژهەڵاتیشە نیوەی مەڵبەندی خۆراسان لەلایەن ئۆزبەکەکان تووشی پەلامارو داگیر کردن هاتبوون، لە هەمانکاتدا دەسـەڵاتی ڕەهای فەرمانڕەوای هەرێمەکان کە لەسـەردەمی پەشـێویدا بەتەواوەتی دەسـەڵاتی خۆیان چەسـپاند بوو گوێیان بەدەسـەڵاتی ناوەندی نەدەدا بۆیە یەکەم هەنگاوی شـا عەباسی یەکەم بریتی بوو لە سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ڕەهای فەرمانڕەوای هەرێمەکانی وەك فارس و گەیلان و لورستان.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە،لەلایەك دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەو ماوە مێژوویە کەپڕە لەڕووداوی جۆراو جۆر کە پێویستە زۆر بە وردی بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە،لەلایەکی دیکەوە ئارەزووەکانی توێژەر لەلێکۆڵینەوەی مێژووی ئێران هاندرێکی دیکە بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا (یاخی بوونی خان زولقەدر لە هەرێمی فارس) خراوەتە بەرباس، بەتایبەت تیشـك خراوەتە سـەر هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەو یاخیگەرییە لەسـەر خودی شـا عەباسـی یەکەم و هەنگاوەکانی ناوبراو بۆ لەنێوبردنی یاخیگەرییەکەی هەرێمی فارس. هەرچی تەوەرەی دووەمە ، تەرخانکراوە بۆ باسـکردن لەبارەی یاخیگەری لەناوچەی گەیلان لە سـەرەتاشـدا ئاماژە بە هەنگاوە مەترسـیدارەکانی خانی گەیلان کراوە بەمەبەسـتی خۆ دوورگرتن لەدەسـەڵاتی ناوەندی کە ئەمەش پێچەوانەی بیرکردنەوەکانی شـا عەباسـی یەکەم بووە، بێگومان ئەمەش هەنگاوی هاوێشـت بەئاراسـتەی ڕووبەڕووبونەوەی سـەربازی و کۆتایی هێنان بە فەرمانڕەوایەتی خانی گەیلان. سـەبارەت بە تەوەری سـێیەم بەناونیشـانی پەشـێوییەکانی ناوچەی لورسـتان و هەڵگەڕانەوەی شـاوێردی خان ، لەسـەرەتای ئەم تەوەرەدا باس لەبارودۆخی ناوخۆیی دەوڵەتی سـەفەوی کراوە لەسـەرەتای حوکمڕانی شا عەباسی یەکەم و کاریگەرییەکانی پەیماننامەی ئەستانە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لەسەر دروست بوونی نامتمانەیی لەنێوان ئەتابەکی لورستان و شا عەباسی یەکەم، پاشان جەختکراوەتەوە لەسەر هەنگاوەکانی شا عەباسی یەکەم بەمەبەستی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەتابەکی لورستان ، سەرەڕای پەیوەندی خزمایەتی، بەڵام ئەم هەنگاوانەی شـا عەباس بوونە هۆکار بۆ دروسـت بوونی پەشـێوی لەناوچەی لورسـتان، لەکۆتایی تەوەرەکەشـدا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیشـك خراوەتە سـەر هەنگاوە سـەربازییەکانی شـا عەباسـی یەکەم و کۆتایی هینان بلەدەسـەڵاتی ئەتابەکی لورستان.

ئەو سـەرچاوانەی کە بۆ نوسـینی ئەم توێژینەوەیە سـوودی لێ وەرگیراوە ، زیاتر جەخت لەسـەر سـەرچاوە رەسـەنە فارسـیەکان کراوە، بەتایبەت ئەو پەرتوکانەی کە هاودەمی ڕووداوە مێژوویەکانی ماوەی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی (سـەفەوی)ین ، وەك پەرتوکە پر بایەخەکەی (اسـکندر بیگ ترکمان) مێژوونوسـی سـەردەمی شـا عەباسـی یەکەم بەناونیشـانی (تاریخ عالم ارای عباسـی) کە تێیدا ڕووداوەکانی سـەردەمی شـا عەباسـی یەکەم دەخاتە ڕوو،کە لە سـێ بەرگدا رێکخراوە، بەڵام بۆ توێژینەوەکە جەختکراوەتەوە لەبەرگی دووەمی پەرتوکەکە کە تیشك دەخاتە سەر کارو هەنگاوەکانی شا عەباسی یەکەم لەماوەی سی ساڵەی دەسەلاتی، نووسەر لە کتێبەکەی سوودی لەسەرچاوەکانی احسن التواریخ و حبیب السیر و نزهە القلوب وەرگرتووە .

لەلایەکی دیکەوە پەرتوکی (خلاصـە التواریخ)ی قاضـی احمد بن شـریف الدین الحسـین الحسـینی القمی، لە سەرچاوە دیار و بەرچاوەکانی ئەو ماوە مێژوویە دادەنرێن ، کە لە زۆر شوێنی توێژینەوەکە سوودی لێ وەرگیراوە، چونکە نووسەر هاودەمی هەریەکە لەشا تەهماسبی یەکەم و شا ئیسماعیلی دووەم و محەمەد خودابەندە و سەرەتاکانی حوکمڕانی شا عەباسی یەکەم بووە، هەروەها پەرتوکوکە باس لەڕووداوەکانی سـەدەی هەشـتی کۆچی دەکات کە رۆژگاری شـێخ سـەفیەدین تاکو کۆتاییەکانی سـەدەی دەیەمی کۆچی کە دەکاتە سـەرەتاکانی فەرمانڕەوایەتی شـا عەباسـی یەکەم، کە نووسـەر لە پەرتوکەکەیدا پشـتی بەسـتووە بە چەندین سـەرچاوەی رەسـەنی پێش خۆی وەك (صـفوە الصـفا و حبیب السـیر و فتوحاتی شـاهی و تاریخ جهان ارا )کە ئەمانەش بایەخی سـەرچاوەکەیان لەڕووی ووردیی زانیارەکان فراوان کردووە.

سەبارەت بە پەرتوکەکەی محمود بن هدایت الله افوشتەایی نطنزی بەناونیشانی(نقاوة الاثار في ذكر الاخبار) بەیەکێك لەپەرتوکە پر بایەخەکانی مێژووی سـەفەوی هەژمار دەکرێت، کە تییدا نووسـەر باس لە ڕووداوەکانی سەردەمی شا تەهماسبی یەکەم تا دوانزەهەمین ساڵی حوکمڕانی شا عەباسی یەکەم دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە سـەرچاوەیەکی دەگمەنە بەڵام لەدەرخسـتنی ڕووداوەکان زیاتر وەك نووسەرێکی پیا هەڵدەر (مداح) دەردەکەوێت، کە زۆر بە بالای شایەکانی سەفەوی دادورێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جگە لەمانەش چەندین سەرچاوەی ناسەرەکی فارسی لەکۆی گشتی لێکۆڵینەوەکە سوودیان لێ وەرگیردراوە بەتایبەت بەرگی یەکەمی پەرتوکەکەی نەسروللا فەلسەفی بەناونیشانی (زندگانی شاه عباس اول) کە لە تەواوی توێژینەوەکە توێژەر گرنگی پێداوە، چونکە نووسەر باس لەشا عەباسی یەکەم دەکات لە هەموو گۆشەکانی ژیانی، بەڵام ئەوەی بووەتە مایەی رەخنە گرتن لە پەرتوکەکە، نووسەر لەکاتی باسکردنی هەر بابەتێك ئاماژە بەسەرچاوەی پاڵپشت ناکات.

**1. شا عەباسی یەکەم و یاخی بوونی خان زولقەدر لە هەرێمی فارس**

سەبارەت بە یاخی بوون لە هەرێمی فارس لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتی شا عەباسی یەکەم سەرەتاکەی دەگەرێتەوە بۆ زیادرەویی لە هەژموون و دەسەڵاتی مورشید قلی خان کە وایکرد فەرمانڕەوای فارس (مەهدی قلی خان) و چەندین سەرانی دیکەی قزلباش یاخی بن لەدەسەڵاتی ناوەندی ، بەڵام مورشید قلی خان توانی یاخی بوونەکان سەرکوت بکات و زۆرێك لەسەرانی یاخی کوژران یاخود دەستگیر کران کە لەنێویاندا فەرمانرەوای فارس دەستگیر کرا پاشان بە فەرمانی شا عەباسی یەکەم, یەعقوب خان زولقەدر راسپێردرا بۆ کوشتنی، دوای ئەم ڕووداوە لەساڵی 1588 یەعقوب خان بەفەرمی لەلایەن شا عەباسی یەکەم وەك فەرمانڕەوای هەرێمی فارس دەسنیشانکرا.(Mohajer,2015: 32).

گرنگیدانی شا عەباسی یەکەم بە فەرمانڕەوای فارس بووە هۆکاری ئیرەیی بردن لەلایەن کۆمەلێك لە زولقەدرییەکان بەتایبەت هەمزە بیگ، کە هەولەکانی بەمەبەستی بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ بیکتاش بیگ خانی ئەفشار حاکمی کرمان و یەزد چڕ کردەوە دژ بەدەسەڵاتی فەرمانڕەوای فارس، دیارە مەبەستی حاکمی کرمان و یەزد لەو هاوپەیمانییە لەگەڵ نەیارەکانی یەعقوب خانی زولقەدر زیاتر دەگەرایەوە بۆ بیرکردنەوەکانی ناوبراو لە سەپاندنی هەژموونی بەسەر هەرێمی فارس یاخود بەستنەوەی ناوچەکە بەدەسەڵاتی خۆی (منجم یزدی،1366ه.ش، ص85 ؛ گمنام، 1361ه.ش، ص53).

یەعقوب خانی زولقەدر لەساڵی 1590ز پاش ئاگاداربوونەوەی لە پیلانی نەیارەکانی ، سەرەتا لەرێگای هێزێکەوە لەناوچەی شولستان هێرشی کردە سەر هێزەکەی هەمزە بیگ و توانی بەسەریاندا سەرکەوێت، پاشانیش فەرمانڕەوای فارس بەدوای دەرفەتێك دەگەڕا بۆ ئەوەی تۆڵە لە بیکتاش بیگ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خانی ئەفشار حاکمی کرمان و یەزد بکاتەوە، چونکە بەمەترسی سەرەکی لەسەر دەسەڵاتەکەی دادەنا ، بۆ ئەم مەبەستە هەر لەهەمان ساڵدا بەهێزێکەوە لەشیراز بەرەو یەزد بەڕێکەوت، لەناوچەی چەم تفت بەدووری چوار فەرسەخ لە شاری یەزد سوپاکەی ڕووبەڕووی حاکمی کرمان و یەزد بوونەوە، لە ئاکامی شەرەکەدا سوپای بیکتاش بیگ خانی ئەفشار دووچاری شکست هێنان هاتن و ناوبراویش دوای برینداربوونی لە گۆرەپانی جەنگ دەکوژرێت (فرهادی، قیام... ، 1385 :41).

فەرمانڕەوای فارس دوای ئەو سەرکەوتننانە لەڕووی سەربازییەوە دەستیکرد بەپەیرەوکردنی دەسەڵاتی تاکرەویی و ڕەها لە هەرێمی فارس، کە هێواش هێواش هەنگاوی بۆ فەرامۆشکردنی دەسەڵاتی ناوەندی دەنا (فلسفی، جلد اول،1391 :574) ،یەکێ لەدیارترین هەنگاوی یەعقوب خانی زولقەدر بریتی بوو لە خۆبەستنەوەی بە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەوی، بەشێوەیەك خۆی وا هەژمار دەکرد کە یەکێکە لە کورەکانی شا تەهماسبی یەکەمی سەفەویە (فسائی، جلد اول، 1388 :433)، ،لەلایەکی دیکەوە دوای جێگیر بوونی پایەی وەك فەرمانڕەوای فارس، ئەم ناوچەیە بووە مۆڵگەو شوێنی حەوانەوەی سەرکردە یاخییەکانی دەربار کە کەوتبوونە بەر رق و کینەی شا عەباسی یەکەم لەساڵی1590ز(ترکمان ،1378 :431).

سەرەڕای ئەو هەنگاوانەی سەرەوە، یەعقوب خان پاش گەڕانەوەی لە یەزد بۆ شیراز بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی، دەستیکرد بە دانان و لابردنی فەرمانڕەوای ناوچە بچووکەکانی هەرێمی فارس، لەگەڵ ناردنی خلعت بۆ ئیبراهیم خان حاکمی لار(1575 - 1601) کە ئەم بابەتە راستەخۆ پەیوەندی بە دەسەڵاتی شا عەباسی یەکەم هەبووە، هەر ئەمەش وایکرد شا عەباسی یەکەم لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی 1590ز بریاری لەشکرکێشی و سەرکوتکردنی فەرمانڕەوای فارس بخاتە بواری جێبەجێ کردن(منجم یزدی،1366 : 77-91).

شا عەباسی یەکەم لە 27 ی تەمموزی هەمان ساڵ گەیشتە شاری شیراز، پاشان پەیامێکی بە نێرداوەکانی بۆ یەعقوب خان زولقەدر ڕەوانە کرد ، کە تێیدا داوای کردبوو واز لە یاخی بوون بهێنێت و بگەڕێتەوە ژێر شکۆی دەسەڵاتی ناوەندی(ترکمان ،1378 :432)، هەرچەندە یەعقوب خان پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ کەسە نزیکەکانی بە داواکارییەکە رازی دەبێت، بەڵام بەمەرجی ئەوەی کە شا عەباسی یەکەم بەڵێن بدات کە ژیانی خۆی و هاوکارانی پارێزراو بێت، هەروەها وەك نیازپاکیش

لەبەرامبەریدا پێویستە شای سەفەوی خلعت و سوێندنامەی بۆ ڕەوانە بکاتە قەڵای ئەستەخر(نطنزی، 1373 :343).

شیاوی باسکردنە سەرەڕای رازی بوونی فەرمانڕەوای فارس، بەڵام بە دوودڵیەوە دەیڕوانییە داواکەی شا عەباسی یەکەم ، چونکە شای سەفەوی لەکاتی نووسینی سوێندنامەکە بەڕاشکاوانە بە (میرزا لوتف الله) وەزیری راگەیاندبوو کە تەنها سێ رۆژ وەفادار دەبێت بەرامبەر بە سوێندەکەی (فلسفی، جلد اول،1390 :575). ئەمەش سەلمێنەری ئەو راستییەن کە شا عەباسی یەکەم بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبووە لە فەرمانڕەوای فارس خۆش بێت ، بەڵکو ئەم کارەی زیاتر وەك فێڵێکی سیاسی بۆ هەڵخەڵەتاندنی یەعقوب خان زولقەدر بەکارهێنا.

دوا بەدوای جێبەجێ کردنی داواکارییەکان، یەعقوب خان زولقەدر لە 18ی ئۆکتۆبەری 1590 لەقەڵای ئەستەخرەوە لەگەڵ کۆمەلێك لە کەسە نزیکەکانی ڕوویکردە شاری شیراز(فرهادی، قیام... ، 1385 :46)، پاشان شا عەباسی یەکەم خۆی پێشوازی لە فەرمانڕەوای فارس کرد، بەڵام لەبەرەبەیانی رۆژی 22ی ئۆکتۆبەری 1590 لە کاتی کۆبوونەوەی شا عەباس لەگەڵ سەردارانی سەفەوی بۆ تاوتوێکردنی بابەتی دارایی هەرێمی فارس، کە یەعقوب خان زولقەدر یەکێك بوو لەبەشداربووان باشترین دەرفەت بوو بۆ دەستگیرکردنی ، پاشان بە فەرمانی شا عەباس، فەرمانڕوای فارس وکەسە نزیکەکانی کە 25 کەس دەبوون لە نێوبردران(ترکمان،1378 :436 ؛ فلسفی، جلد اول،1391 :574)، هەر بەمەش نەوەستا بەڵکو نزیکەی 150 کەسی دیکە کە هاوکار و هاندەری یەعقوب خان زولقەدر بوونە لەکاتی یاخی بوونەکەیدا هەمان چارەنووسی کەسە نزیکەکانی یەعقوب خانیان هەبوو، لەوانە بریتی بوون لە تورابی بیگ وموختار سوڵتان و بوداق قەراگونە و ئەبولفەتح شاملۆ و ئەبولقاسم سوڵتان حاجی لور و چەندانی تر(گمنام، 1361 :51).

دوای کوشتنی یەعقوب خانی زولقەدر، شا عەباسی یەکەم بەفەرمی بنیاد بیگ زولقەدری وەك فەرمانڕەوای فارس دەستنیشان کرد و ئەرکی کۆتایی هێنان بە دەستەی یاخیگەری لەقەڵای ئەستەخری پێ راسپارد، ناوبراویش لە رۆژی یەکەمی مانگی موحەرەمی ساڵی 999ك(30ی ئۆکتۆبەری 1590) توانی بچێتە ناو قەڵاکە و دوای شەڕێکی توند توانی دەست بەسەر قەڵای ئەستەخر بگرێت(القمی، جلد دوم،1359 : 919).

## 2. یاخیگەری لەناوچەی گەیلان

دوابەدوای لەنیوبردنی یەعقوب خان زولقەدر، پەشـــێوی یاخیگەری ناوچەی گەیلانی گرتەوە، دیارە خان ئەحمەد خانی گەیلان(1538 – 1592ز) لەسـەرەتاكانی حوكمڕانی شـا عەباسـی یەكەم بەهۆی خراپی بارودۆخی وڵات هەوڵەكانی چڕ كردبوو بۆ ئەوەی بەتەواوەتی خۆی جیابكاتەوە لەدەسـەڵاتی نـاوەنـدی و سـەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێـت، هەرچەنـدە ئەم هەنگـاوەی نـاوبراو پێچەوانەی بیركردنەوەكانی شـا عەباسـی یەكەم بوو، چونكە شـا لەیەكەم هەنگاویدا كاری بۆ ئەوە دەكرد كە سنووری دەسەڵاتی لەدابەش بوون بپارێزێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەڕێگای هێزەوە بەرەنگاری هەموو یاخیگەرییەك دەبۆوە كە مەترسـی لەسـەر دەسـەڵاتەكەی دروسـت بكردبایە(فرهادی، خان...، 1388 :43).

یەكێك لە دیارترین هەنگاوە مەترسـیدارەكانی خانی گەیلان بریتی بوو لە داڵدەدانی سـەركردە یاخییەكانی قزلباش ، بەتایبەت لە دوای كوژرانی مورشید قولی خان بە فەرمانی شا عەباسی یەكەم هەوادار و كەسە نزیكەكانی ناوبراو لە ترسی كاردانەوەكانی شا عەباس لە شاری قەزوین رادەكەن و ڕوودەكەنە ناوچەی گەیلان لەوانە (محەمەد شەریف خان چاوشلوی ئۆستاجلۆ، سوڵتان مەحمود خان كوری پیرە محەمەد خان، مورشید قولی سوڵتان شاملۆ، چەندانی تر)، ئەمەش بووە مایەی نارەزایەتی شا عەباسی یەكەم(تركمان، 1378 :418).

هەرچەندە شا عەباسی یەكەم لەسەرەتادا بەهۆی سەرقاڵییەكانی بە یاخیگەری یەعقوب خان زولقەدر لەهەرێمی فارس، هەوڵیدا بە ئاشتی و ناردنی نێرداو بۆ گەیلان سەركردە هەڵاتووەكان وەربگرێتەوە، بـەڵام خـانی گەیلان داواكەی نـاوبراوی ڕەت كردەوە (القمی، جلـد دوم،1359 : 919) ، ئەمەش بارودۆخەكەی زیاتر ئاڵۆز كرد، چونكە دوای نەهێشـتنی پەشـێویی و نائارامی لە هەرێمی فارس، شـا عەباس لەساڵی 1590ز نامەیەكی هەرەشە ئامێزی لەڕێگای مورشید قولی سوڵتان قوجیلو ناسراو بە (چارگاو) بۆ خانی گەیلان نارد، كە تێیدا داوای ڕادەسـتكردنەوەی هەڵاتووەكانی دەكردەوە، لە حالەتی ڕەتكردنەوەی داواكەشـی ئەوە چاوەڕوانی لەشـكركێشـی بێت(فرهادی، خان...، 1388 :45)، بۆیە خانی گەیلان بەناچاری هەڵاتووەكانی ڕادەستی نێردراوەكەی شا عەباس كرد، دوای گەراندنەوەیان بۆ قەزوین بە خراپترین شێوازی ئەشكەنجەدان لە نێوبردران(تركمان، 1378 :440).

ســەرەڕای ئەو هەنگاوەی ســەرەوە، خان ئەحمەد خانی گەیلان چەندین هەنگاوی تری هاوێشــت کە دواتر بوونە مایەی ئەوەی شــا عەباســی یەکەم کۆتایی بەدەســەڵاتەکەی لەناوچەی گەیلان بهێنێت، لەوانە دورخســتنەوەی (خەواجە مسـیح )وەزیری دەسـت رۆیشـتوو لەکاروباری حکومەتی ناوچەیی گەیلان لەپۆستەکەی و دانانی (خەواجە حوسامەدین لەنگرودی) لە شوێنی ناوبراو بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی (گیلانی، 1353 :129-130).

لەلایەکی دیکەوە خانی گەیلان ڕەتیکردەوە کچە تەمەن بچووکەکەی بدات بە شــازادە محەمەد باقر میرزا ناسراو بە ( صفی میرزا) کە لەلایەن خودی شا عەباسی یەکەم خواستکاری بۆ کرابوو، دیارە ئەم ڕەتکردنەوەیە شــا عەباســی ســەفەوی بێزار کرد، بۆیە بڕیاریدا بە ئامادەکردنی ســوپا بەمەبەســتی ئەنجامدانی لەشکرکێشی بۆ سەر گەیلان، بەڵام پەلامارەکانی ئۆزبەك بەسەرکردایەتی عەبدولموئمین خان بۆ خۆراســان جارێکی دیکە تەمەنی حوکمڕانی خانی گەیلانی درێژ کردەوە، هەر بۆیە خانی گەیلان بۆ کەمکردنەوەی تورەیی شـــا عەباس نامەیەك ڕەوانە دەکات و هۆکاری ڕەتکردنەوەی داخوازییەکە دەخاتە ڕوو ، کە ناوبراو سوێندی خواردووە کچەکەی بە بچووکی بە شوو نەدات کە ئەو کات تەنها تەمەنی چوار ســاڵان بووە، بەڵام لەگەڵ پێگەیشــتنی ئامادەیە داواکارییەکە جێبەجێ بکات(منجم یزدی،1366 :107-108 ، نوایی، شاه عباس...، جلد دوم، 1353 :20- 28).

خان ئەحمەد خانی گەیلان تەنها بەم هەڵوێســتانەی بەرامبەر شــا عەباســی یەکەم نەوەســتا، بەڵکو لەڕێگای ناردنی نامە بۆ سـوڵتان مورادی سـێیەمی عوسـمانی(1574 – 1595ز) لەڕێگای وەزیرەکەی خەواجە حوسامەدین لەنگرودی کە تێیدا هانی سوڵتانی عوسمانی دابوو بۆ هێرشکردنە سەر ئێران و پێشــکەشــکردنی یارمەتی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە(ترکمان، 1378 :449). ڕەنگە مەبەســتی خانی گەیلان لە ناردنی ئەم نامەیە زیاتر بگەڕێتەوە بۆ دڵنیابوونی لە لەشـکرکێشـی شـا عەباسـی یەکەم و لەنێوبردنی دەسەڵاتەکەی پاش زاڵ بوونی بەسەر یاخیگەری فەرمانڕەوای فارس.

هەرچەندە خانی گەیلان ڕەتیکردەوە کارێکی لەم جۆرەی کردبێت، بەڵام دواتر شـــا عەباس لەڕێگای نامەی کاربەدەستانی عوسمانی کە بۆ شای سەفەوی ڕەوانەکرابوو بەتەواوەتی ئاماژە بەوە کرابوو کە خانی گەیلان ئامادە بووە لەبەرامبەر پارێزگاریکردن لە ناوبراو گەیلان پێشــکەش بە ســوڵتانی عوســمانی بکات (ثابتیان، 1343 :286؛ نوایی، شــاه عباس...، جلد دوم، 1353 :29)، بۆیە دوای

دەرکەوتنی راستییەکان، شا عەباسی یەکەم لەڕێگای فەرمانێکەوە لەساڵی 1591 داوای لە سەرکردەی سوپا (فەرهاد خان قەرەمانلۆ) کرد بۆ هێرشکردنە سەر گەیلان، بەڵام خانی گەیلان پاش ئاگاداربوونی لە پێشرەوییەکانی سوپای سەفەوی دەستیکرد بە ئامادەکاری هێزە سەربازییەکەی لە پیادە و سوارە بەسەرکردایەتی هەریەکە لە (ئەمیر عەباس لشتەنشایی) و (کیا جەلالەدین محەمەد) سوپاسالاری دیلمان و (تالشە کولی) سوپاسالاری لاهیجان بۆ بەرنگاربوونەوەی سوپای سەفەوی ڕەوانە کرد(استرابادی،1364 :153 -154).

هەردوو سوپا لە 15ی تەمموزی 1592 لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ڕووباری سفیدرود بەرنگاری یەکتر بوونەوە، لە ئەنجامدا سوپای سەفەوی سەرکەوتنی بەدەستهێناو توانیان دەست بەسەر شاری لاهیجاندا بگرن(فلسفی، جلد اول ،1391 :593) ، سەبارەت بەخانی گەیلانیش، دوای گەیشتنی هەواڵی شکستخواردنی سوپاکەی لە لاهیجانەوە لەڕێگای دەریاوە ڕوویکردە شێروان و لەوێشەوە بەرەو ئەستانە(نوایی،روابط....، 1377 :219)، هەرچەندە ناوبراو نزیکەی پێنج ساڵ لەهەوڵی بەردەوام دابوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ژێر شکۆی دەوڵەتی سەفەوی، بەڵام لەلایەن شا عەباسی یەکەم داواکارییەکانی ڕەتدەکرایەوە، تا دەرئەنجام لەساڵی 1596 لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کرد(احمدی،1371 :76).

### 3. پەشێوییەکانی ناوچەی لورستان و هەڵگەڕانەوەی شاوێردی خان

لەماوەی یەکەمی حوکمڕانی دەوڵەتی سەفەوی، بنەماڵەی خورشیدی[1] شوێن و پایەی گەورەیان لەناوچەی لورستان هەبووە و دەسەڵات لەدەست ئەواندا بووە، بەشێوەیەك حوکمڕانیان بەشێوەی بنەماڵەیی پیادە کردووەو پێداویستییە داراییەکانیان لەناوچەکەی خۆیان دەستەبەر کردووە، لەکاتی جەنگدا دەبوایە لەشکر ئامادە بکەن بۆ دەسەڵاتی ناوەندی(سمعیا،1378 :76).

شاوێردی خان لەدوای مردنی باوکی لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی محەمەد خودا بەندە لەڕێگای پیاوماقولانی لورستان وەك فەرمانڕەوای ناوچەکە دەسەڵاتی وەرگرت پاش ئەوەی شای ئێران ڕەزامەندی لەسەر نیشاندا(صالحی ، اکبری ،1392 :121) ، لەسەرەتای حوکمڕانی شا عەباسی یەکەم ، وڵات لەبەرەی ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوا زۆربەی ناوچەو مەڵبەندەکانی لەلایەن سوپای عوسمانیەوە کۆنترۆڵ کرابوو(پرویز ،1343 :21)، بۆیە شا عەباسی یەکەم بیری لەوە کردەوە لەگەڵ دەوڵەتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عوسمانی لەبەرەی ڕۆژئاوا ئاشتی بکات ، وەك پێویستیەکی حەتمی بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوی ئۆزبەکەکان کە ئەوکات لەبەر خراپی باردۆخی سـیاسـی ئێران هەرەشـەیان لەبەرەی رۆژهەڵاتی ئێران دەکرد.(Perry,1997:116).

بۆ ئەم مەبەستە شا عەباسی یەکەم پەیماننانەی ئەستانە لەساڵی1590ز لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەست، دیارە دوای بەستنی پەیماننامەکە، شاوێردی خان ئەتابەکی لورستان گەیشتە ئەو بڕوایەی کە لەداهاتوویەکی نزیك دەوڵەتی عوسـمانی ئامادەکاری دەکات بۆ دەسـتگرتن بەسـەر ئەو ناوچانەی کە بەگوێرەی پەیماننامەکە بریاری لەسەردرابوو، بۆیە لە یەکەم هەنگاویدا دەستیکرد بەناردنی شاندێك کە هەڵگری نامە وەدیاری گرانبەها بوون بۆ والی بەغدا، کە تێیدا ئەتابەکی لورسـتان گوێرایەلی و ملکەچی خۆی بۆ دەسـەڵاتی عوسـمانی دەربڕی بوو بەمەرجێك سـوپای عوسـمانی ڕوو نەکاتە ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی، دیارە دوای دانوسـتاندن لایەنی عوسـمانی بە داواکارییەکەی ئەتابکی لورستان رازی دەبێت و ناوچەکە لە وێرانکاری جەنگ رزگاری دەبێت(ترکمان،1378: 470).

لە هەمانکاتدا شاوێردی خان لە شاری خورەم ئاباد[2] کە سەنتەری دەسەڵاتی بوو شاندێکی ڕەوانەی ئەسفەهان کرد بەمەبەستی راگەیاندنی ملکەچی بۆ شا عەباسی یەکەم و خستنەڕووی هۆکارەکانی ئەو نزیك بوونەوەی لە دەوڵەتی عوسـمانی کە زیاتر پێداگری کردن بووە لەسـەر پارێزگاریکردن لەسنوورەکانی دەوڵەتی سەفەوی لە ڕۆژئاواوە(بهرامی،1377: 112)، ئەمەش تارادەیەك بووە جێگای متمانەی شا عەباسی یەکەم و بەهێز بوونی پەیوەندییەکانیان تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە شا عەباسی یەکەم خوشـکی شـاوێردی خان بخوازێت و لەبەرامبەردا شـازادەیەکی دەربار بدات بە ئەتابەکی لورسـتـان(صـالحی ، اکبری ،1392: 121)، سـەرەڕای ئەو پەیوەنـدییە خزمـایەتییە، بـەڵام پەیوەندییەکانی نێوان شـا عەباسـی یەکەم و ئەتابەکی لورسـتان جێگیر نەبووە، هۆکارەکەشـی دەگەڕایەوە بۆ خودی شـا عەباسـی یەکەم کە ڕۆڵی سـەرەکی گێراوە لە ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکان، چونکە لە ڕووی کارگێری و سـەربازییەوە دەسـتی دەخستە ناو کاروباری لورسـتان ، لەوانە هەڵگرتنی نازناوی ئەتابەکی لە خودی شاوێردی خان و پێدانی نازناوی خان (استرابادی،1364: 151)، هەروەها دابرینی زەوییەکی فراوان لە بروجەرد و لکاندنی بە سنووری کارگێری شاری هەمەدانەوە کە لەلایەن

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئوغرلو سولتان بیگ بەیات فەرمانڕەوایەتی دەکرا، ئەمەش بێزاری زۆری شاوێردی خانی لێکەوتەوە(بدلیسی،1373 :81-82).

شا عەباسی یەکەم دوای ئەو هەنگاوانە ڕوودەکاتە خۆراسان بەمەبەستی بەرنگاربوونەوەی هەرەشەکانی ئۆزبەك، لە هەمانکاتدا ئوغرلو سولتان بیگ بەیات فەرمانڕەوای هەمەدان بەمەبەستی کۆکردنەوەی سەرباز و کۆمەکی بۆ شا عەباسی یەکەم ڕوودەکاتە بروجەرد کە بەفەرمی لەلایەن شای ئێران وەك ناوچەی هەژموونی ناوبراو هەژمارکرابوو (Houtsma and others,1993: 49) ، بەڵام شاوێردی خان دەبێتە بەربەست لەبەردەم ناوبراو بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی، لەئەنجامدا شەر لەنێوان هەردوولا ڕوودەدات کە تێیدا سەرداری هەمەدان شکست دەخوات و لەشەرەکە دەکوژرێت (دوید و دیگران، 1362 :49).

پاش کوژرانی ئوغرلو سولتان بیگ بەیات سەری لە لاشەی جیا دەکەنەوە، ئەم ڕووداوەش کاریگەری گەورەی لەسەر بەیاتەکان دروستکرد ، بۆیە (شاقولی سولتان) برای فەرمانڕەوای هەمەدان سەرە براوەکەی ئوغرلو سولتان دەگەیەنێتە لای شا عەباسی یەکەم، لەگەل باسکردنی توندوتیژی و ستەمی شاوێردی خان بەرامبەر بە بەیاتەکان(شیوا، 2012 :159)، ئەم ڕووداوە وایکرد شا عەباسی یەکەم خۆراسان جێبهێڵێت و بە سوپایەکی گەورە ڕوو بکاتە باشوری لورستان، دیارە بڵاوبوونەوەی دەنگۆی لەشکرکێشی شای سەفەوی بە ئاراستەی لورستان، بووە هۆکارێك کە ئەتابکی لورستان لەساڵی 1594 شاری خورەم ئاباد جێبهێڵێت و دوای پەرینەوەی لە ڕووباری سیمرە ڕوو بکاتە سنوری ویلایەتی بەغدا(استرابادی،1364 :158 ؛ دوید و دیگران، 1362 :49).

شا عەباسی یەکەم پاش گەیشتنی بە لورستان لە فەرمانێکدا شاوێردی خان لە پۆستەکەی دوورخستنەوە، لەجێگای ئەودا (مەهدی قولی سولتان شاملۆی) وەك والی خورەم ئاباد دانا ، لەهەمان کاتدا سولتان حوسێنیش کە ئامۆزای ئەتابەکی لورستان بوو وەك فەرمانڕەوای هەندێك لە ناوچەکانی لورستان دەستنیشان کرد(صالحی،اکبری ،1392 :123).

پاش ئەم هەنگاوانە شا عەباسی یەکەم گەڕایەوە خۆراسان، هەر کە شاوێردی خان هەواڵی گەڕانەوەی شا عەباسی یەکەمی پێگەیشت، جارێکی دیکە ئامادەکاری گەورەی کرد بۆ گەڕانەوە بۆ خورەم ئاباد بەمەبەستی لەناوبردنی فەرمانڕەوای نوێ، بەڵام شەرەکە بەقازانجی مەهدی قولی

ســـوڵتان شـــاملۆ تەواو بوو، بۆیە جارێکی تر ئەتابەکی لورســـتان گەرایەوە ناو ســـنووری دەوڵەتی عوسمانی(نطنزی،1373 :495).

ئیعتیماددەولە (میرزا حاتەم بیگ نەسـیری ئەردوبادی[3]) لەسـاڵی 1596 کە بە ئەرکیکی میری ڕووی کردبووە لورستان، دەرفەتێکی زێرین بوو بۆ شاوێردی خان کە لەریگای ناوبراودا کێشەکەی لەگەڵ شا عەباسـی یەکەم چارەسـەر بکات، بۆ ئەم مەبەسـتە شـاوێردی خان لە ڕێگای نێردراوێك داوا لە ناوبراو دەکات بۆ ئەوەی لە دەرباری ســـەفەوی تکای بۆ بکات بەمەبەســـتی لێخۆش بوون و گەڕانەوەی دەســـەڵاتی بۆ لورســـتان (شـــیوا،2012 :160) ، هەرچەنـدە داواکارییەکەی قبولکرا، بـەڵام ڕەنگە مەبەســـتی شـــا عەبـاســـی یەکەم لەم نەرمی نوانـدنە بەرامبەر بە نـاوبراو زیـاتر بگـەڕێتـەوە بۆ مەترســـییەکانی لە دەوڵەتی عوســـمانی کە دەتوانن لەرێگای ئەو بیانووە دەســـەڵاتی خۆیان بەســـەر ناوچەکە بسەپێنن.

شـــیـاوی بـاســـکردنە دروســـت بوونەوەی پەیوەنـدیی نێوانیـان بۆ مـاوەیەکی کورت بوو، چونکە ڕێك پێچەوانەی بیرکردنەوەکانی شـــا عەباســـی یەکەم بوو کە هەوڵەکانی چڕکردبۆوە بۆ فراوان کردنی سنووری دەوڵەتەکەی لە ڕۆژئاوا بۆ ئەم مەبەستەش ئەتابەکی خورشیدی بەتایبەت شاوێردی خانی بە بەربەسـت لەبەردەم ئەو هەنگاوانەی دادەنا، بۆیە شـا عەباسـی یەکەم لەسـاڵی 1598 دوای ئامادەکردنی سوپایەکی بەهێز لە ئەسفەهانەوە بەشێوەیەکی ناکاو بەبێ ئاگاداری ئەتابەکی لورستان ڕوویکردە خورەم ئاباد و توانی دەســـتی بەســـەردابگرێت و شـــاوێردی خان ناچار بە هەڵهاتن بكات بەئاراسـتەی ڕۆژئاوا نزیك سـنووری ویلایەتی بەغدا لە قەڵای چەنگولە گیرسـایەوە( Yaghobi and Yari, 2012: 3014)، بەڵام ئەمجارەیان شا عەباسی یەکەم وازی لێنەهێنا بەڵکو داوای لە (الله وێردی خان) کرد کە سـوپایەك ئامادە بکات بۆ هێرشـکردنە سـەر قەڵاکە و دوای گەمارۆدان و ڕوودانی شـەر شاوێردی خان بەناچاری خۆی ڕادەستی سوپای سەفەوی کرد، پاشان گواسترایەوە بۆ لای شا عەباسی یەکەم لە نزیك کەناراوەکانی ڕووباری سیمرە، لەوێش بەفەرمانی شا عەباسی یەکەم کۆتایی بەژیانی هێنرا (ترکمان،1378 :539-540 ؛ خان هدایت، 1373 :222).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجامەکان:

1- شا عەباسی یەکەم هەرکارێکی ئەنجام دابێت زۆر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە،بەشێوەیەك هیچ کارێکی سیاسی یان سەربازی ئەنجام نەداوە بەبێ بوونی هۆکارێکی مەنتیقی، هەر هەمووی دوای لێکۆڵینەوەیەکی وردی شا عەباسی یەکەم خوێندنەوەی بۆ ئەنجامەکانی کراوە.

2- لەسەرەتاکانی حوکمڕانی شا عەباسی یەکەم بەهۆی خراپی بارودۆخی وڵات ، فەرمانڕەوای بەشێك لە هەرێمەکانی وڵاتی فارس هەوڵەکانیان چڕ کردبۆوە بۆ ئەوەی بەتەواوەتی خۆیان جیابکاتەوە لەدەسەڵاتی ناوەندی ، هەرچەندە ئەم هەنگاوەی ناوبراوان پێچەوانەی بیرکردنەوەکانی شا عەباسی یەکەم بوو، چونکە شا کاری بۆ ئەوە دەکرد کە سنووری دەسەڵاتی لەدابەش بوون بپارێزێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەڕێگای هێزەوە بەرەنگاری هەموو یاخیگەرییەك دەبۆوە کە مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەی دروست بکردبایە.

3- سەبارەت بە یاخی بوونی بەشێك لە فەرمانڕەوای هەرێمەکان، سەرەڕای بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و ئارەزوویان لەدەسەڵاتی سەربەخۆ، بەڵام ناکریت زیادرەویی لە هەژموون و دەسەڵاتی مورشید قلی خان لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتی شا عەباسی یەکەم بەهەند وەرنەگیرێت کە وایکرد فەرمانڕەوای هەرێمەکان و چەندین سەرانی دیکەی قزلباش یاخی بن لەدەسەڵاتی ناوەندی.

4- سەرەڕای بەپەیرەوکردنی دەسەڵاتی تاکرەویی و ڕەها لە هەرێمەکان، کەچی ئەو هەرێمانە ببوونە مۆڵگەو شوێنی حەوانەوەی سەرکردە یاخییەکانی دەربار کە کەوتبوونە بەر رق و کینەی شا عەباسی یەکەم.

5- سەرەڕای ئەو هەنگاوەی سەرەوە، فەرمانڕەوای هەرێمەکان چەندین هەنگاوی دیکەیان هاوێشت، کە تایبەت بوون بەدەسەڵاتی راستەوخۆی شا عەباسی یەکەم، ئەویش دانان و لابردنی کاربەدەستانی هەریمەکان بە بێ گەرانەوە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی، لەوانە ناردنی خلعت بۆ فەرمانڕەوای لار لەلایەن خانی فارس، هەروەها دورخستنەوەی خەواجە مسیح وەزیری دەست رۆیشتوو لەکاروباری حکومەتی ناوچەیی گەیلان لەپۆستەکەی و دانانی خەواجە حوسامەدین لەنگرودی لە شوێنی ناوبراو لەلایەن خانی گەیلان.

6- بیانووەکانی شا عەباسی یەکەم کە ڕۆلی سەرەکی گێراوە لە ئالۆزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەل هەریمەکان، چونکە دەستی دەخستە ناو کاروباریان لە ڕووی کارگێری و سەربازییەوە، لەوانە هەلگرتنی نازناوی ئەتابەکی لە خودی شاوێردی خان ،هەروەها دابرینی زەوییەکی فراوان لە بروجەرد و لکاندنی بە سنووری کارگێری شاری هەمەدان ، ئەمەش بێزاری زۆری شاوێردی خانی لێکەوتەوە.

**پەراوێزەکان:**

[1] دامەزرێنەری زنجیرەی فەرمانڕەوایی خورشیدی لورستان یاخود ئەتابەکی لورستانی بچووك دەگەرێتەوە بۆ میری لور شوجاعەددین خورشید لە تایفەی جنگروی سەر بەدەستەی هۆزی سیلۆرزی، ناوبراو لەساڵی (580کۆچی/ 1184ز) توانی تەواوی ناوچەی لوری بچووك بخاتە ژێر رکێفی خۆی، ئەم بنەمالەیە فەرمانڕەوایەتیان لەم ناوچەیە بە سێ قۆناغ تێپەریووە، قۆناغی یەکەم بریتیە لەساڵی دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتیان لەساڵی (580کۆچی/ 1184ز) تا بەدیل گیرانی مەلیك عیزەددین لور لەسەردەمی لەشکرکێشی تەیمورلەنگ لەساڵی (788کۆچی/ 1386ز)، قۆناغی دووەمی دەسەڵاتیان لە بەدیلگیرانی مەلیك عیزەددین لور تا ملکەچ بوونی مەلیك شا رۆستەم بۆ دەسەڵاتی شا ئیسماعیلی یەکەم و داگیرکردنی لورستان لەلایەن قزلباشەکان، قۆناغی سێیەم و کۆتایی بریتیە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شا ئیسماعیلی یەکەم تا لە سێدارەدانی کۆتا ئەتابەکی لورستان شاوێردی خان لەلایەن شا عەباسی یەکەم . بۆ زیاتر زانیاری بگەرێوە بۆ: (بهرامی،1377: 104-117).

[2] خورەم ئاباد سەنتەری پارێزگای لورستانە، لەسەرچاوە کۆنەکان ئەم شارە بەناوی شاپوورخاست ناوی هاتووە، ڕەنگە لەلایەن شاپووری یەکەمی ساسانی بنیادنرابێت، هیچ سەرچاوەیەکیش پێش سەدەی ( 7 - 8 ك/ 13 -14ز) ناوی خورەم ئابادیان نەهێناوە، بەڵام دواتر ئەم ناوە لەسەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە لەوانە سەرچاوەکەی گزیدەی مستۆفی(731ك / 1331ز) ناوی هەریەکە لەشارەکانی بروجەرد و خورەم ئابادی ئاماژە پێکردووە. بۆ زیاتر زانیاری بگەرێوە بۆ: (مهجور، نسب،1393: 181-183).

[3] میرزا حاتەم بیگ نەسیری ئەردوبادی، یەکێك لەدیارترین سەدری ئەعزەم بووە لەسەردەمی شا عەباسی یەکەم، ناوبراو لەناوچەی ئەردوباد لە باکوری ڕووباری ئاراس لەدایك بووە، کە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خانەوادەیەکی ناسراو چاوی بەدنیا هەلێناوە، باوکی( مەلیك بەهرام) یەکێك بووە لەکاربەدەستانی ناوچەکە، دەلێن زنجیرەی ئەو بنەمالەیە دەگەرێتەوە بۆ زانای دیار خەواجە نەسیرەدین تووسی(1201-1274ز)، سەبارەت بە میرزا حاتەم بیگ لەسەردەمی شا تەهماسبی یەکەم جیگای باوکی گرتۆتەوە ، چەندین سالێش وەك وەزیری فەرمانراواکانی هەریەکە لە خوی و کرمان بووە، پاشان بەفەرمانی شا عەباسی یەکەم لەسالی 1590ز دەبێتە ئیعتمادئەلدەولە و لەو پۆستە دەمێنێتەوە تا مردنی لەسالی 1610، پاش خۆشی کورەکەی میرزا تالیب هەمان پۆستی پێ دەدرێت. بۆ زیاتر زانیاری بگەرێوە بۆ: (جنابدی،1378: 714-715).

**لیستی سەرچاوەکان:**

**1- کتێبە بەلگەنامەییەکان**

**- فارسی**

- ثابتیان، ذبیح الله،(1343ه.ش)، **اسناد و نامەهای تاریخی دورەی صفویە**، کتابخانەی ابن سینا، تهران.
- نوایی،عبدالحسین،(1353ه.ش)، شاه عباس **اول ( مجموعه اسناد و مکاتبات تاریخی)**، جلد دوم، انتشارات بنیاد فرهنگ ایران، تهران.

**2- گەشتنامە**

- دوید ،بارون و دیگران،(1362ه.ش)، **دو سفرنامە دربارە لرستان**، ترجمە: اسکندر امان اللهی بهاروند و لیلی بختیاری، انتشارات بابك، تهران.

**3 -کتێبەکان:**

**أ/ کتێبەکان بە زمانی فارسی:**

- احمدی ، مریم میر(1371ه.ش)، **تاریخ سیاسی ،اجتماعی ، اقتصادی و فرهنگی در عصر صفوی** ، انتشارات امیر کبیر ، تهران.
- استرابادی، سید حسین بن مرتچی حسینی(1364ه.ش)، **تاریخ سلطانی: از شیخ صفی تا شاه صفی**، به کوشش : احسان اشراقی، نشر علمی،تهران.
- بدلیسی، امیر شرف خان(1373ه.ش)، **شرفنامه ( تاریخ مفصل کردستان)**، نشر حدیپ، تهران.
- پرویز، عباس(1343ه.ش)، **تاریخ دوهزارو پانصد ساله ایران** ، جلد سوم ، چاپ اول ، شرکت سهامی چاپ و انتشارات کتب ایران ، تهران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ترکمان ، اسکندر بیگ(1387ه.ش)، **عالم ارای عباسی**، جلد اول و نیمی از جلد دوم، با اهتمام و تنظیم : ایرج افشار ،مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران.
- جنابدی،میرزا بیگ بن حسن(1378ه.ش)، **روضه الصفویه**، چاپ غلامرضا طباطبایی مجد، تهران.
- حسینی فسائی، میرزا حسن(1388ه.ش)، **فارسنامه ناصری**، جلد اول،تصحیح و تحشیه: منصور رستگار فسائی ، انتشارات امیر کبیر، تهران.
- خان هدایت، رضاقلی(1373ه.ش)، **فهرس التواریخ**، به تصحیح : عبدالحسین نوایی و میر هاشم محدث، پژوهشگاه علوم انسانی، تهران.
- سمعیا، محمد سمیع میرزا(1378ه.ش)، **تذکره الملوك**، بەکوشش : محمد دبیرسیاقی، انتشارات امیر کبیر، تهران.
- فلسفی، نصرالله(1391ه.ش)، **زندگی شاه عباس اول**، جلد اول، مؤسسه انتشارات وچاپ نگاه تهران،تهران.
- القمی ،قاضی احمد بن شرف الدین الحسین حسینی(1359ه.ش) ،**خلاصه التواریخ**،تصحیح:احسان اشراقی،جلد دوم،انتشارات دانشگاه تهران، تهران.
- گمنام, (1361ه.ش) ،**تاریخ قزلباش**، به اهتمام : میر هاشم محدث، انتشارات بهنام، تهران.
- گیلانی، عبدالفتاح فومنی(1353ه.ش)، **تاریخ گیلان**، تصحیح: عطاءالله تدین، کتابفروشی فروغی، تهران.
- منجم یزدی، ملا جلال(1366ه.ش)، **تاریخ عباسی یا روزنامه ملا جلال**، به کوشش: سیف الله وحیدنیا، انتشارات وحید، تهران.
- نطنزی ، محمود بن هدایت الله افوشتەای(1373 ه.ش)، **نقاوه الاثارفی ذکر الاخبار در تاریخ صفویه**، به اهتمام احسان اشراقی ، چ2 ، انتشارات علمی و فرهنگی ، تهران.
- نوایی، عبدالحسین(1377ه.ش)، **روابط سیاسی و اقتصادی ایران در دورەی صفویه**، سازمان سمت، تهران.

**ب/ کتێبەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

- Perry, Glenn Earl (1997), **The Middle East: fourteen Islamic centuries**, UK.

**ج/ کتێبەکان بە زمانی کوردی:**

( شیوا)، بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی(2012ز)، **مێژووی ناودارانی کورد( ماڵە میران و خونکاران)**، وەرگێران: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی سێیەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

**٤ -وتار و لێکۆلینەوەکان:**

**ا/ بە زمانی فارسی:**

- بهرامی، روح الله(بهار و تابستان 1377ه.ش)، **اتابکان خورشیدی و دولت صفوی**، فصلنامه لرستان پژوهی، سال اول، شماره(1 ، 2)،لرستان.
- صالحی ،کورش و داوود اکبری(پایز و زمستان 1392 ه.ش) ، **والیگری شاهوردیخان بر لرستان و تمرکزگرایی حکومت صفویان** ، دو فصلنامه پژوهشنامه تاریخ های محلی ایران ، ساڵ اول ، شماره سوم ، دانشگاه پیام نور، تهران.
- فرهادی،ماشا الله(بهار 1385هـ.ش)، **قیام یعقوب خان ذوالقدر( 996 – 998هـ .ق )**، فصلنامه رشد اموزش تاریخ، دوره هفتم، شماره 3،تهران.
- فرهادی،ماشا الله(زمستان 1388هـ.ش)، **خان احمد گیلانی و شاه عباس اول**، فصلنامه رشد اموزش تاریخ، دوره یازدهم، شماره 2، تهران.
- مهجور، فیروز ومهتاب اسلامی نسب(بهاروتابستان 1393ه.ش)، **روند توسعه شهر خرم اباد از عصر صفوی تا عصر پهلوی بر اساس تحلیل های GIs** ، دوره چهارم، شماره (6)، تهران.

**ب/ بە زمانی ئینگلیزی:**

- Mohajer, Mohammad bagher (may25-2015), **Governors of fares in shah Abbas safavid era**, researcher journal,(vol,7-no:5), marsland press, new york.
- Yaghobi, Ebrahim and Sivash yari(2012), **political structure and administrative system of poshtkooh (Ilam) in the period of valian**, life science journal,(vol,9-no:4), Zhengzhou university, china.

**5- ئینسکلۆپیدیا بە زمانی ئینگلیزی:**

- Houtsma, M.TH. And others (1993**), E. j.Brills first encyclopedia of Islam 1913-1936**, Leiden, Netherlands

# Shah Abbas I: Ending the authority of provincial governors (Fars, Gilan and Lorestan) (1588-1598)

**Dr. Khalil Ali Murad**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
khalil.murad@su.edu.krd

**Mustafa Muhammad karem**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Mustafa.karem@su.edu.krd

**Keywords:** Safavid, Shah Abbas I, provinces, governors, Fars, Gilan, Lorestan.

## Abstract

Shah Abbas I, at the beginning of his rule, tried repeatedly to get rid of the domination of the Qizilbash, who imposed their control over political and administrative matters in the Safavid state after the death of Shah Tahmasp I, taking advantage of the turmoil that befell the state and the security chaos that spread throughout the country in order to ensure their personal interests.From this point of view, the research tries to discuss issues related to the internal politics of the Safavid state in the beginnings of the rule of Shah Abbas I and his attempts to crush the absolute power enjoyed by the provinces of (Fars, Gilan and Lorestan) with an explanation of the reasons that prompted the Shah to pursue that policy from one side, and the reactions of the rulers Regions towards the Shah and his military steps on the other hand.

The research consists of three main axes, in the first axis entitled (Disobedience of Khan Dul Qadr in the region of Persia) with reference to the most important causes and results that resulted from his disobedience and its effects on the shah himself, and the most important plans of the Shah to suppress Dul Qadr’s insurrection, while the second axis was devoted to discussing the issue of (Disobedience of Gilan Region) and the steps that Khan Gilan took, seeking to abstain from submitting to the central authority, contrary to the ideas and measures of Shah Abbas I, which led to the occurrence of military clashes and the fall of Khan Gilan from power. As for the third and final axis, entitled (Lorestan Disturbances and Shawaridi's Disobedience), it deals with the internal conditions of the Safavid state at the beginning of the rule of Shah Abbas I and the implications of the Treaty of Astana concluded with the Ottoman state and its implications for the widening of the gap and distrust between Lorestan and the Shah. Abbas, and through him, among us, how the Shah, despite the relationship between him and the ruler of Lorestan, was able to limit the power and influence of your Lorestan entourage, which led to the creation of a kind of unrest in

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Lorestan, and at the end of the axis we discussed without ambiguity or ambiguity the Shah's military plans for the Nile and the assault from your house in Lorestan.

# شاه عباس الأول والقضاء على سلطة حكام المقاطعات (فارس, جيلان و لورستان) (1598-1588)

**الملخص**
حاول الشاه عباس الاول فى مستهل حكمه مرارا وتكرارا التخلص من هيمنة القزلباش الذين فرضوا سطوتهم على الامور السياسية والادارية فى الدولة الصفوية بعد موت الشاه طهماسب الاول مستغلين الاضطرابات التى حلت بالدولة والفلتان الامنى التى عمت ارجاء البلاد. ومن هذا المنطلق يحاول البحث دراسة القاضايا المتعلقة بالسياسة الداخلية للدولة الصفوية فى بدايات حكم الشاه عباس الاول ومحاوڵاته لسحق السلطة المطلقة التى تمتعت بها اقاليم (فارس، جيلان ولورستان) مع بيان الاسباب التى دفع بالشاه لانتهاج تلك السياسة من جانب، وردود أفعال حكام الاقاليم تجاه الشاه وخطواته العسكرية من جانب أخر.
يتالف البحث من ثلاث محاور رئيسة، ففى المحور الاول ناقشنا (عصيان خان ذولقدر فى اقليم فارس) مع الاشارة الى أهم الاسباب والنتائج التى تمخضت عن عصيانه وتاثيراته على الشاه نفسه، وأهم مخططات الشاه لقمع عصيان ذولقدر، أما المحور الثانى فقد كرست لبحث مسألة (عصيان اقليم جيلان) والخطوات التى أقدمت عليه خان جيلان سعيا منه للامتناع وعدم الخنوع للسلطة المركزية خلافا لافكار وتدابير الشاه عباس الاول مما أدى الى حدوث الصدامات العسكرية وسقوط خان جيلان من الحكم. أما المحور الثالث و الاخير و المعنون بـ(اضطرابات لورستان و عصيان شاويردى خان) فيتناول الاحوال الداخلية للدولة الصفوية فى مستهل حكم الشاه عباس الاول و تداعيات معاهدة (استانة) المبرمة مع الدولة العثمانية و انعكاساته على توسيع الفجوة و عدم الثقة بين اتابك لورستان و الشاه عباس، ومن خلاله بيننا كيف استطاع الشاه رغم صلة القرابة بينه وبين حاكم لورستان الحد من سلطة و نفوذ اتابك لورستان ما أدت الى خلق نوع من الاضطرابات فى لورستان، وفى ختام المحور بحثنا دون غموض او ابهام خطط الشاه العسكرية للنيل و الانقضاض من اتابك لورستان.